# کەرکوك بەرەو ئاساییبوونەوە یان گرژبوونەوە

**گۆران فەتحی**



دوای چوار ساڵ لەروخانی رژێمی پێشووی بەعس، ئەوەی لەلایەن هاوڵاتیانی کوردەوە چاوەروان دەکرا ئاساییبوونەوەی بارودۆخی ناوچە کوردستانییە تەعریبکراوەکان بوو، کە هەردەم سەرکردایەتی سیاسی کورد جەختی لەسەر گەڕانەوەیان دەکردەوە، حکومەتی بەعس چەندین ساڵ بوو بەعەرەبکردن‌و دەرکردنی کوردی خەڵکی رەسەنی ئەو ناوچانەی کردبوو بەبەرنامە، بەسەنتەری ناوچە تەعریبکراوەکان کە شاری کەرکوکە.

بەڵام لەجیاتی ئاساییکردنەوەی بارودۆخی کەرکوك‌و ناوچە کوردنشینەکانی تر، هێرشێکی توندی تیرۆریستان‌و عەرەبی شۆفێنی دژی کورد دەستی پێکردو چەندین کەسی ئازاو پێشمەرگەی دێرینی ئەو شارە تیرۆر کران.

ئەمە جگە لەدەستی دەستی پێکردنی حکومەتی عێراق بۆ جێ بەجێکردنی مادەی 140ی تایبەت بەئاساییکردنەوەی ئەو شارەو ناوچەکانی تر، هەروەها سستی هەڵوێستی سەرکردایەتی کورد بەرامبەر بەو دواخستنە بەئەنقەستەی حکومەتی عێراق بۆ ئەو مادەیە..ئەمەو  ململانێی یەکێتی‌و پارتی لەو شارەدا ئەوەندەی تر دۆزی کەرکوکی لاواز کردووە، لەجیاتی ئەوەی یەك بگرن بۆ بەهێز کردنی پێگەی کورد تێیدا.

چاوەڕوان کردنی کورد  بۆ ئاساییکردنەوەی بارودۆخی کەرکوك بەپێی ئاواتی کورد نەبوو،  بەڵکو پێچەوانەی تەواوی ئەوە بوو، هەروەها  کورد نەیتوانی سیاسەتێکی زیرەکانە پەیڕەوکات بۆ راکێشانی سۆزی نەتەوەکانی تری شارەکە  بۆ خۆی،  هیچ نا لەبەر ئەوەی نەیانکات بەدوژمنی خۆی.

هەرواش دەرچوو عەرەبی شۆفێنی‌و تورکمانی توندڕەوی سەر بەتورکیا یەکیان گرت‌و بەهەموو لایەکدا کەوتنە هات‌و هاوار بۆ ناشرین کردنی کورد لەو شارە، ئەمە جگە لە دەستپێکردنی تیرۆر بەرامبەر بەکورد هەر لەیەکەم رۆژی رزگارکردنی ئەو شارەوە، عەرەبەکانیش لای خۆیانەوە دەڵێن کورد لێیان دەکوژێت کوڕیان دەرفێنێت، بۆیە ئەوانیش دەکەونە کورد رفاندن، کە بێگومان زۆر لەوانەی ئاسایش‌و پۆلیسی کورد لەو شارە دەیانگرێت‌و زیندانیان دەکات سەر بەگروپە تیرۆریستیەکانن.

بۆیە دەڵێین ئاقاری ئێستا لەو شارەدا قەت بەرەو ئاساییبوونەوە ناڕوات، بەتایبەت دوای ئەوەی قۆناغەکانی جێ بەجێ کردنی ئەو مادەیە دواکەوتن‌و ئاماژەکانیش بەرەو ئەوە دەچن کە مادەکە لەوادەی خۆی جێ بەجێ ناکرێت، ئەمەش کورد دێنێتە نێو گۆڕەپانەکەو گێژاوەکەوە دوای ئەوەی تا ئێستا دانی بەخۆیدا گرتبوو بۆ ئەوەی ئەو مادەیە جێ بەجێ بکرێت، ئەگینا نائومێد بوونی کوردی کەرکوك لەگەڕانەوەی شارەکەیان بۆ سەر هەرێمی کوردستان توڕەبوونێکی گەورەی لێ دەکەوێتەوەو ئاڵۆزیەکی گەورەتر دەنێتەوەو ئەو کات باری کەرکوك‌و ناوچە تەعریبکراوەکان زۆر لەشارەکانی تری باشوورو ناوەڕاستی عێراق خراپتر دەبێت‌و شەڕی نەتەوەیی تێیدا بەرپادەبێت.

goranfathe@yahoo.co.uk